لەسەر راسپاردەی مەسرور بارزانی وەرگیراوانی ناوچە کوردستانییەکان لە خوێندنی باڵا بخەڵایی دەخوێنن

لەسەر راسپاردەی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشکەشکارانی خوێندنی باڵا لەو ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بەخڵایی لەو زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان دەخوێنن.

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لەسەر راسپاردەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو هەواری پێنجەمی ڕێنمایی ژمارە 11ـی ساڵی 2023 تایبەت بە خوێندنی باڵا (دیپلۆمی باڵا، ماستەر و دکتۆرا) لەو زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان بڕیاوکردوە، کە پێشکەشکارانی ڕەسەنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان دەتوانن بخڵایی درێژە بخوێندن بدەن بۆ ساڵی خوێندنی (2023-2024).

لە ڕێنماییەکەدا ئاماژە بۆوشکراوە، ئەو پێشکەشکارانەی وەردەگیرێن ئەگەر بیسڵمێنن و بڕگەنامەی (کارتی دەنگدان، پسوولەی خەراك، کارتی نیشتمانی یان ناسنامەی باری کەسی و کارتی زانیاری) پێشکەش بە زانکۆکان بکات و بیسەڵمێنێت دەکەوێتە ناوچە کوردستانییەکانی

دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان.

هاوکات رێنماییەکی جێختی لەسەر ئەوکردووتەوە، لە حاڵەتێکدا ئەگەر پشکەشکار 10 نمرەی بەرەو سەرەوەی لەکی 30 نمرەی لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی بۆ خوێندنی باڵا (دیپلۆمی باڵا، ماستەر و دکتۆرا) لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان بەدەستهێنابێت، ئەوا بە وەرگیراو هەژمار دەکرێت و لە دەرەوەی پلان، کورسی بۆ تەرخان دەکرێت لە هەمان پسپۆری ورد و بەشی زانستی و کلیژ لەو زانکۆیەی کە پشکەشکار تاقیکردنەوەی توانستی زانستی تێدا ئەنجام داوە.

هەر بەپێی رێنماییەکەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان باس لەوشکراوە، لە حاڵەتێکدا ئەگەر بەشەکەی توانای وەرگرتنی لە رووی ستاف و سەرپەرشتیار بەپێی رێنماییەکان هەبوو یاخود لە رێگەی هاوبەشی زانستی نێوان زانکۆکان بە مەبەستی سوودوەرگرتن لە ستافی وانەگوتنەوە و سەرپەرشتیکردن لە زانکۆکانی دیکە، ئەوا پشکشکاران راستەوخۆ لەگەڵ وەرگیراوانی دیکە دەست بە خوێندنی ئەکادیمی دەکەن، بەپێچەوانەوە خوێندنەکەیان دوا دەخرێت بۆ خولەکانی داهاتووی خوێندن، بەڵام مافی وەرگرتنیان پارێزراو دەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش سەرکایەتی زانکۆکان فەرمانی وەرگرتن لە خوێندن و فەرمانی دواخستن لە خوێندنیان بۆ دەردەکات.

هاوکات لەسەر راسپاردەی سەرکۆنزیران مەسرور بارزانی، رێنماییەکی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی جێختی لەسەر ئەوە کردووتەوە، خوێندنی پشکەشکارانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان، بەشێوازی خۆایی و لەسەر ئەستێی زانکۆکان دەبێت.